

سەماحەتی حەکیم ستایشی قوربانییەکانی عێراقییەکان بەهەموو پێکهاتەکانی دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆریدا

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

لەمیانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسوکاری هەڵگرانی کارتی سوور، ئەو توێژەی کە بەدەست زوڵم زۆرداری ڕژێمی دیکتاتۆری مەینەتی و ئازاری زۆریان چێشت بەهۆی ڕەتکردنەوەیان بۆ شەڕ و هەڵوێستە سەیرەکانی ڕژێمی قۆناغی پێشوو، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی داوای کرد کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئەو توێژە ئەنجامدراوە دۆکۆمێنت بکرێت تا نەوەکانی داهاتووش بزانن کە ئەو توێژە چییان بەسەر هاتووە،جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە میدیاکان و ڕێکخراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو ئەرکە هەڵبستن.
سەماحەتی ڕوونیشی کردەوە کە گۆڕانکارییەکانی سروشتی دۆخی عێراقی ئەوە بوو کە پێشتر گەلی عێراق بەبێ ویستی خۆی پەلکێشی شەڕەکن دەکرا بەڵام ئێستا ئازادی و ئازادی رای دەربڕینیشی بەڕێژەیەکی باش هەیە.

سەماحەتی ستایشی قوربانییەکانی عێراقییەکانی لەهەموو پێکهاتەکان کرد لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێی دیکتاتۆری و بنیات نانی ئەزموونی ئێستای عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەهەموو جۆر و بیرۆکە و ناونیشانەکانی.